# ئەمریکا چی دەخوێنێتەوە...؟

و/هێمن مەحمود

گەلی ئەمریکی هەموو بەیانییەك لەكوێوە زانیارییەكان وەردەگرێت؟ بەپێی راپۆرتێكی تازە رۆژنامەی ( USA today) لەپێشەوەی راگەیاندنی نوسراوەدایەو لەرۆژێكدا (6.9) ملیۆن خوێنەری هەیە.

لەدوای ئەویشەوە رۆژنامەی (Wallstreet journal) دێت، كە (5.2) ملیۆن خوێنەری هەیە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە كەرۆژنامەی (The Washington post) لەپلەی حەوتەمدایە لەدوای (Daily news)و (The Newyork times) (Newyork post)و(Losangeles times)ەوە، سەرەرای ئەوەی ئەم رۆژنامەیەی دواییان ناوبانگێكی گەورەی هەیە لەدەرەوەی ئەمریكا.

ئەم راپۆرتەش ساڵی دووجار رابیتەی رۆژنامەوانی ئەمریكی بڵاویدەكاتەوە، ئەم دەزگایەش دەزگایەكی خێرخوازییەو (2000) رۆژنامەی ئەمریكای باكوور لەخۆدەگرێت بەئامانجی دیراسەكردن و دانانی ستراتیژێكی شیاو بۆ گەشەپێدانی بارودۆخی راگەیاندنی نوسراو دامەزراوە.

ئەم راپۆرتەش پشتی بەلێكۆڵینەوەكانی سكاربورو دەبەستێت، كەگەورەترین دەزگای ئەمریكییە لەبواری دیراسەكردنی ئەو شتانەی بەكاربەری ئەمریكی گرنگیی پێدەدات.

تێروانینێك بۆ راگەیاندنی نوسراوی ئەمریكی

ئەوە شوێنی گومان نییە كەبڵاوكردنەوەی رۆژنامە رۆژانەییەكان لەچەند ساڵی پێشوودا كەمیكردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا گرنگترین سەرچاوەی دەستكەوتنی زانیارییە بۆ خوێنەری ئەمریكی، كەمبوونەوەی تێكرایی دابەشكردنی بڵاوكردنەوەی رۆژنامەكانیش بەمانای ئەوە نایەت خوێنەرانی ئەمریكی گرنگیپێدانی بەرۆژنامە كەمكردووەتەوە، ئەمەش واناگەیەنێت كەژمارەی خوێنەرەكانی هاتووەتەخوار، بەڵكو لەحەقیقەتدا ئاماژەیە بۆ بڵاوبوونەوەی دیاردەی ئیعلامی ئەلكترۆنی، واتە خوێنەر خوێندنەوەی رۆژنامە رۆژانەییەكەی خۆی لەسەر تۆری ئەنتەرنێت پێ باشترە تاوەكو نوسخە چاپكراوەكەی، لەكاتێكدا دەبینین كەزۆربەی رۆژنامە بەناوبانگەكان نوسخەی ئەلكترۆنی بۆ خوێنەرەكانی دەستەبەركردووە، ئەمەش مانای وەهایە كەزۆرێك نوسخە چاپكراوەكەی نەكرن.

لەم خشتەیەدا تێكرایی دابەشكردن و ژمارەی خوێنەرەكانمان بۆ دەردەكەوێت:

| رۆژنامە | تاكرایی دابەشكردنی رۆژانە | تێكرایی ژمارەی خوێنەر/لەرۆژێكدا |
|---|---|---|
| USA today | 2.272.815 | 6.980.074 |
| Wallstreet journal | 2.049.786 | 5.242.129 |
| The Newyork times | 1.142.464 | 5.065.303 |

بەپێی ژمارەكانی ئەو خشتەیەی سەرەوە دەبینین كەدەستەبەركردنی نوسخەی ئەلكترۆنی ژمارەی خوێنەرەكانی بەرێژەی 12٪ هەر رۆژنامەیەك بەرزكردووەتەوە.

راپۆرتەكە پێمان دەڵێت، كە (116) ملیۆن ئەمریكی واتە 78٪ ئەوانەی تەمەنیان لە (18) ساڵ تا (20) ساڵ لانیكەم هەفتەی یەكجار رۆژنامە دەخوێننەوە، ئەم ژمارەیەش نابێت بەهەند وەرنەگیرێت، چونكە ژمارەی دانیشتووانی ئەمریكا نزیكەی 295 ملیۆن كەسە.

ژمارەكان یو ئێس ئەی تودەی لەپێشەوە دادەنێن.

رۆژنامەی یو ئێس ئەی تودەی لەپێشەوەی رۆژنامە ئەمریكییەكاندایە لەرووی خوێنەرەوە، لەدوای ئەویش (وۆڵ ستریت) و دواتریش (نیویۆرك تایمز) دێت.

دەیلی نیوزی نیویۆرکیش لەپلەی چوارەمدایەو رۆژانە (2.8) ملیۆن خوێنەری هەیە، راپۆرتەکە ئاماژەش بۆ ئەوەدەکات کەتەنها (20) رۆژنامە توانیویانە ملیۆنێك خوێنەر تێپەڕێنن.

سەیری ئەم خشتەیە بکە:

| رۆژنامە | تێکڕایی ژمارە خوێنەر لەڕۆژێکدا |
|---|---|
| یو ئێس ئەی تودەی | 6.980.074 |
| وۆڵ ستریت جۆرناڵ | 5.242.129 |
| نیویۆرك تایمز | 5.065.303 |
| دەیلی نیوز | 2.832.994 |
| لۆس ئەنجلس تایمز | 2.274.021 |
| نیویۆرك پۆست | 2.142.143 |
| واشنتۆن پۆست | 1.750.865 |
| شیکاگۆ تریبۆن | 1.638.704 |
| نیوزدای میلڤیل نیویۆرك | 1.569.373 |
| شیکاگۆ سەن تایمز | 1.491.502 |
| ڤیلادلڤیا ئیکوایزر | 1.293.627 |
| هیۆستن کرۆنیکل | 1.227.446 |
| دیترۆیت فری بدس | 1.119.220 |
| ستار لیوجل نیویۆرك | 1.089.472 |
| دالاس مۆرینگ نیوز | 1.085.101 |
| سان فوزیە میرکۆری | 1.055.328 |
| سان فرانسیسکۆ کرۆنیکل | 1.045.201 |
| بۆستن گلۆپ | 1.026.971 |
| ئەریزۆنا ریبابلیك | 1.022.560 |
| ئەتلەنتا جۆرناڵ | 1.001.120 |

**ژمارەکانی یەکشەممە**

یەکێك لەخووە باوەکانی رۆژنامە ئەمریکییەکان ژمارە تایبەتەکانی رۆژانی یەکشەممەیە کەڕۆژێکی پشووە لەو وڵاتەدا، رۆژنامەکانیش ژمارەیەکی تایبەت و درێژتر لەنوسخەکانی رۆژانی دیکە دەردەکەن، ئەم ژمارانەش چەندین پاشکۆی جیاوازی وەك وەرزش و هونەرو هەواڵی سیاسیی و جلوبەرگ و ئابووریی لەگەڵدایە.

ئەمەش کارێکی سروشتییە، چونکە خوێنەر لەڕۆژانی پشوودا کاتێکی زیاتریان هەیە بۆ خوێندنەوە، هەربۆیە پێویستییەکانی خوێندنەوەش دەگۆڕێت.

ئەوەی گرنگە لێرەدا بەسەرنج وەربگیرێت ئەوەیە کەژمارەی خوێنەرانی رۆژنامە رۆژانەییەکان لەڕۆژانی یەکشەممەدا دەگۆڕێت.

بۆزیاتر روونکردنەوە سەرنجی ئەم خشتەیە بدەن

| رۆژنامە | تێکڕایی ژمارەی خوێنەران لەڕۆژانی یەکشەممەدا |
|---|---|

| | |
|---|---|
| نیویۆرک تایمز | 6.921.611 |
| لۆس ئەنجلس تایمز | 3.380.249 |
| دەیلی نیوز | 2.828.879 |
| شیکاگۆ تریبۆن | 2.518.082 |
| واشنتۆن پۆست | 2.380768 |
| ڤیلادلڤیا ئیکوایزر | 1.806.803 |
| دیترۆیت فری بدس | 1.662.549 |
| هیۆستن کرۆنیکل | 1.646.446 |
| ئەتلەنتا جۆرناڵ | 1.645.578 |
| ستار لیوجل نیویۆرک | 1.601.603 |
| بۆستن گلۆپ | 1.559.638 |

سەرمایەدارەکان حەزیان لەکام رۆژنامەیە؟

بەپێی راپۆرتەکە سەرمایەدارەکانی ئەمریکا زیاتر حەزیان لەهەردوو رۆژنامەی (وۆڵ ستریت)و(نیویۆرک تامز)ە.

رۆژنامەی یو ئێس ئەی تودەی-یش زۆرترین خوێنەری لەناو ئەو توێژانەدا هەیە کەداهاتیان مامناوەندییە، نیویۆرک تایمز-یش لەناو هەرە دەوڵەمەندەکاندا بەرزترین رێژەی خوێنەری هەیە.

ئەم خشتەیە تێکڕایی خوێنەرانی خاوەن داهاتەکان دەخاتەڕوو

| رۆژنامە | 150.000 دۆلار یان زیاتر | 100.1000 149.999 دۆلار | 075.000 99.999 دۆلار | 050.000 74.999 دۆلار | 035.000 49.999 دۆلار | 025.000 34.999 دۆلار |
|---|---|---|---|---|---|---|
| وۆڵ ستریت | 1.406.05 | 1.048.473 | 958.024 | 813.525 | 600.718 | 227.932 |
| یوئێس ئەی تودەی | 793.818 | 1.092.196 | 1.278.157 | 1.527.880 | 1.243.661 | 537.605 |
| نیویۆرک تایمز | 1.206.41 | 887.800 | 853.463 | 782.355 | 690.766 | 286.951 |
| واشنتۆن پۆست | 405.629 | 360.097 | 356.097 | 258.560 | 209.680 | 93.188 |

سەرچاوە:سایتی ئیلاف